# نیگەرانبوونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە دەستەڵاتی سیاسیی کورد

پۆلا سەعید

وەکی سوقرات یەژێت، پێویستە مرۆڤ بتوانێت جیاوازیی نێوان بۆچوونێکی هەستەکیی و ئامانج بکات. خودی ئامانج کارایەکە، کە دەبێت لە داهاتدا بێتە دی. چونکی ئامانج لێرەدا خاڵێکی پێکانە، دەبێت بیپێکیت. بۆچوونێکی هەستەکیی تێگەیشتنێکە لەوەی بەچ شێوەیەک تۆ لە مانای ژییان دەگەیت؟ کە هەستەکیی لە قووڵایی زانییندایە بۆ ناسیینەوە و بەستنەوەی شتەکان پێکەوە." لاپەرە 225 "

Bei Sokrates auf der Couch

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئاخۆ ئێمەی کورد، لەورۆژەوەی دەستمانداوەتە خەبات دژی دەوڵەتە جیاجیا داگیرکەرەکانی پانتاییی خاکی کوردستان ئامانجمان چیی بووە لەم تێکۆشانەدا؟ ئاخۆ دەستنیشانی ئامانجێکمان کردبێت؟ یان ئەوەتا وەک دەستەی باڵای دەستەڵاتێکی زاڵی خێڵەکیی و رامیاریی و رێکخراوەیی و پارتایەتیی ئەندامان و پێشمەرگەکان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانمان بەلاڕێدا بردووە؟! سوقرات لێرەدا کە باس لە ئامانج دەکات، ئەوەشمان بیردەخاتەوە کە ئامانج ناکرێت لە شوێنێکدا بەجێیبهێڵیت و فەرامۆشی بکەیت، بەڵکوو دەبێت بیپێکیت. من دڵنییام لەوەی کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەر پارچەیەکی داگیرکراوی ئەم خاکی کوردستانەدا بگووزەرێن، هەموو کاتێک بە ئەوییانی ئامانجی سەربەخۆیی بوونی خاکی کوردستانەوە جەنگییون، زیندانیی بوون، گەشمردەبوون، ئاوارە بوون. بەڵام دەستەڵاتی سیاسیی زاڵی سەدەی بیستی بزاڤی رزگارییخوازی کورد، هەتاوەکوو ئێستا بە بەردەوامیی سەریان لە ئامانجی گەل و ئەندامەکانیان شێواندووە و دەیشێوێنن. کێشەی خاکی کوردستان کارای ئامانجە، دەبێت سەرانی کورد بە هەر نرخێک بێت بیپێکن، ئەگەر خوێنی خۆشیان تێدا رشتووە. کە ئیمرۆ دەستەڵاتی سیاسیی زاڵی کورد هەستەکییانە تەماشای کێشەی کورد و تەماشای کێشەی کەرکووک دەکەن. ئەم رەفتارە سیاسییەش بێجگە لە قووتکردنەوەی پاساوێکی سیاسیی لەبەردەم خواستە نەتەوایەتییەکانی کورددا هیچ شتێکی تری تێدا بەدی ناکرێت. لایەنەکانی کورد بەتایبەت سەوز و زەرد بە بەردەوامیی دزە دەکەنە نێو شەقامی کوردیی و دەستەڵاتی سێهەم و چوارەمی کوردەوە و بەپێی پلانەکانی خۆیان لە ماوەیەکی کورت یان درێژدا خواستەکانی گەل سستدەکەن. یان چ نەبێت کاریگەرێتییان بۆ سەرئەندامەکانیان دەبێت و رایاندەکێشنە نێو ریزەکانی خۆیانەوە. ئیمرۆ دەبێت بەپێچەوانەوە بێت. دەبێت شەقامی کوردیی دزە بکەنە نێو رێکخستنەکانی سەوز و زەردەوە. دەبێت شەقامی کوردیی کاریگەرێتییان لەسەر ئەندامان و دەستەڵاتداران و دەروێشانی سەوز و زەرد هەبێت.

ئەوسا شەقامی کوردیی دەتوانێت لە ڕێگای دەستەڵاتدارانەوە کار بۆ کارای ئامانج بکات نەگ بۆ بۆچوونێکی هەستەکیی. ئێمەی کورد لە قوڵایی زانینماندا هەمووممان دەزانین کێشەی ئێمە چییە و چارەسەری کێشەکەشمان چییە، هەربۆیە لەم بۆچوونە هەستەکییەی خۆمانەوە بۆ ئامانجێک تێدەکۆشین ئەویش سەربەخۆیی خاکی کوردستانە.
لێرەدا لەم قۆناغە تازەیەی گەلەکەماندا کە خۆشبەختانە کۆمەڵگای کوردەواریی ئیمرۆ چاوی زۆر لەوەکراوەترە، کە وەک سەرانی کورد باوەڕدەکەن، هەرچەند ژمارەی هەلپەرست و خەڵکانی بەرژەوەندچیی درزەیانکردبێتە نێو لایەنە دەستەڵاتدارەکانی کوردەوە و چووبێتنە سەرکورسیی دەستەڵاتیش. چەند خەڵکانی دەروێشیش حەی ئەڵلای بەڵێ گەورەمی لایەنەکانیان بکەن، هێشتا دووئەوەندە خەڵکانی هۆشیار لەنێو ڕیزەکانی گەلەکەماندا سەنگەرێکی پڕ لۆگیکانەیان لە سیاسەت و ئایدیۆلۆژیەت و پلانەکانی دەستەڵاتدارانی کورد گرتووە، ئەمە لە کاتێکدا هەرکاتێک دوژمنانی کوردیش ویستبێتیان سوود لەم نارەزاییەی جەماوەری کورد بەرانبەر دەستەڵاتدارانی کورد وەربگرن، لەپێناوی کوژاندنەوەی کڵپەی بزاڤی ڕزگارییخوازی کورددا، ئەوا جەماوەری کورد بەبێ سێ و دوو چۆتە سەنگەری لایەنە سیاسییەکانی کوردەوە و بەرانبەر دوژمن دەنگی ڕەوای خۆی لەگەڵ هەرێمەکانی کورددا کردووە بەیەک. بەڵگە بۆ ئەمەش ئەو ناکۆکییە گەورەیەی نێوان جەماوەری کورد و دەستەڵاتدارانی کورد بوو لەسەر کێشەی ئێراقچێتیی سەرانی کورد و خواستی جیاکردنەوەی کوردستان لە دەوڵەتی ئێراق وەک ئاواتی جەماوەر. ڕژێمی تورکیا تووشی گێرمە و کێشەیەکی زۆر هات لەگەڵ کۆمەڵی کورددا، چونکە ئەو چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد بەیەکجار تەواوی کۆمەڵانی خەڵکی کورد بە پێکڕای ڕەنگەکانەوە بێ جیاوازیی بۆچوونی پارتایەتیی و ئایدیۆلۆژیەت، بە سەوز و زەرد و شیین و سوورەوە، بە قووتابیی و کرێکار و مامۆستا و خەڵکانی فیوداڵەوە، بە شاعیر و بە نووسەر و ڕۆژنامەوانەوە، بە ژن و پیاو منداڵ و هەرزەکارانەوە. هەموو چوون بەگژ دەوڵەتیی تورکییدا. کەواتە کە دەستەڵاتدارانی کورد، دەڵێن دژ وەستان بەرانبەر بە سیاسەتی سەرانی کورد، دژ وەستانە بەرانبەر مافە ڕەوا نەتەوەییەکانی کورد. ئەمە بۆچوونێکی هەڵە و مینێکە لەسەر ڕێگای ڕۆشنبیرانی کورد و جەماوەر دانراوە. ئەمە ڕاست نییە. چونکە هەرگیز دەنگی ڕەخنەی جەماوەر و ڕووناکبیرانی کورد لە دژی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان نەبووە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە. ئیمرۆ گەل و دەستەڵاتی سیاسیی کورد ڕۆڵی دوو فەیلەسووف دەبینن. کە هەردووکیان لە دوو تیۆریی جیاوازدا کاردەکەن. دەستەڵاتی سیاسیی کورد فوندامێنتاڵیستانە سیاسەت دەکەن و داواکانی خۆیان بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کورددا دەسەپێنن، بە سەوز و زەردەوە بەبێ جیاوازیی. گەلیش پێچەوانەکەی خستۆتەگەڕ کە گەل دەیەوێت لە ڕێگای دیالۆگ و ڕیفۆرمێکی پڕ لۆگیکانەوە باوەڕ بەدەستەڵاتدارانی کورد بهێنێت کە تەنها سەربەخۆیی تاکە ڕێگای دەربازبوونی گەلی کوردە لە جەور و ستەمی داگیرکەران و چدی نا. ئێستا دەستەڵاتی سیاسیی کورد بەرانبەر کۆمەڵگای کوردەواریی دەستەڵاتێکی فوندامێنتاڵیستانەی پلاتۆنییە و کۆمەڵانی خەڵکی باشووری کوردستانیش سوقرات. دەستەڵاتی سیاسیی کورد بە پاساوی نەڕشتنی خوێن و نەبوونی هەلومەرجی گونجاو مامەڵ لەگەڵ چارەنووسی کورددا دەکات.

گەلیش دەیەوێت بیسەلمێنێت کە شتێک نییە ناوی مەحاڵ بێت. وەک چۆن سوقرات دەیویست بیسەلمێنێت کە خودا نییە. ئاخۆ بڵێی ئەگەر گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی خوێن بڕێژێت لە ئۆقیانووسی خوێنی هەڵەبجە و ئەنفال و سێوسێنان زیاتر برێژێت؟ پێموایە بە چارەکی خوێنی گەشی ئەو ڕۆڵانەش لە کیس نادەین کە بوونە گەنم و جۆی نێو دەستاڕی دوژمنایەتیی یەکێتیی و پارتی دیموکرات. دەستەڵاتی ڕێلێگیوزانەی پلاتۆن ململانێکەی سوقراتی بە کووشتنی سوقرات کۆتایی پێهێنا. کە دوای دەیان ساڵ نەتەوەی یۆنانیی پەشیمانبوونەوە لەوسزا قورسەی بەسەر سوقراتیاندا دا. بۆیە هەتائێستاش یەکێک لە جوانترین فەلسەفەکانی سوقرات مردنەکەیەتی. دەستەڵاتی سیاسیی کوردیش بیەوێت یان نەیەوێت ئەوا گەلی کورد پێیخۆشە لەوپێناوەدا بمرێت، نەگ بەزۆری زۆرداری دوای سەدان هەزار شەهید بیلکێننەوە بە خاکی ئێراقەوە، ئێراقێکی بەشێک لە چێوە و نەخشەی ئیمپڕاتۆریەتیی عەرەبیی شۆڤێنیزمخواز. ئیمڕۆ ڕیفراندۆم نوێترین شۆڕشی نوێ و ئارامی گەلەکەمانە، کە ئێمەی کورد هەتاوەکوو ئێستا دەرفەتی شۆڕشی ئارامەمان لە هیچ پارچەیەکی داگیرکراوی کوردستاندا بۆ نەڕەخساوە، ئەمە یەکەمجارە لە مێژووی ڕزگارییخوازی کورددا. بەڵام ئەگەر بێتو دەستەڵاتی سیاسی کورد دەستبخاتە کاروباری ئەم شۆڕشەوە ئەوا بەداخەوە جارێکی تریش تووشی نیگەرانیی دەبینەوە و باوەڕمان لە یەکبوون و تەباییدا بەخۆمان نامێنێت.

14.08.04

سەرچاوەکان:


1_ Bei Sokrates auf der Couch (( Lou Marinoff))

2_Platon: Symposin- (( Eine Lese Einführung von wiebrecht Ries))